کۆمەڵ و یەکگرتوو جەختیان کردەوە لە تۆکمەیی پەیوەندی دوقۆڵی نێوانیان

سەڵاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتی یەکگرتو و عەلی باپیر، سەرۆکی کۆمەڵەی دادگەری کوردستان پەیوەندی تەلەفۆنیان ئەنجامدا و هەردولا خوازیاری هەماهەنگی و کۆشش بۆ سەقامگیری وڵات و کاری هاوبەش بۆ خزمەتی زیاتری هاوڵاتیان و هەروەك جەختیان کردەوە لە تۆکمەیی پەیوەندی دوقۆڵی نێوانیان.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی ئەمینداری گشتی یەکگرتو، سەڵاحەدین بەهائەدین و عەلی باپیر لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی کۆتایی هاتنی پرۆسەی هەڵبژاردنیان کرد.

هەردولا خوازیاری هەماهەنگی و کۆشش بۆ سەقامگیری وڵات و کاری هاوبەش بۆ خزمەتی زیاتری هاوڵاتیان و هەروەك جەختیان کردەوە لە تۆکمەیی پەیوەندی دوقۆڵی نێوانیان.

بەگوێرەی وتەی بەرپرسانی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، حزبەکەی بڕیاریداوە بەشداری لە حکومەتی داهاتوی عێراق بکات، لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنی 11ی ئەم مانگەدا چوار کورسی بەدەستهێناوە، کە دو کورسی لە سلێمانی و دو کورسی لە پارێزگای دهۆك.

.